# په‌یامی كۆنفرانسی هه‌شته‌می كۆمه‌ڵه

## بۆ بنه‌ماڵه‌ی گیان به‌خت كردووانی كۆمه‌ڵه

دایك وباوكانی به‌ڕێز!

خۆشك و برایانی ئازیز!

كۆنفرانسی هه‌شته‌می كۆمه‌ڵه گه‌رم و گه‌شترین سلاوتان پێشكه‌ش ده‌كا. ده‌ستپێكی ئه‌م كۆنفرانسه‌ش وه‌ك هه‌موو كۆبوونه‌وه حیزبیه‌كانی دیكه‌ی ئێمه، ڕێزگرتن له یادی ئه‌و هاوڕێ تێكۆشه‌ر و جه‌نگاوه‌رانه بوو كه له ماوه‌ی بیست‌وپێنج ساڵی رابردوودا، بۆ بڵێسه‌دار راگرتنی بزووتنه‌وه‌ی شۆڕشگێڕانه له كوردستان و له ڕێگای كرێكاران و خه‌ڵكی زه‌حمه‌تكێش دا له زیندان وئه‌شكه‌نجه‌گاكان وله به‌ره‌كانی شه‌ڕی شۆڕشگێڕانه‌ی كوردستان دا قاره‌مانانه گیانیان به‌خت كردووه.

ئازیزانی ئێوه، هاوڕێیانی هه‌رگیز له یادنه‌چووی ئێمه‌ن كه متمانه و ده‌ستكه‌وته‌كانی ئێمه و هه‌ڵسووڕانی ئێستامان به‌رهه‌می هه‌وڵ وتێكۆشان و فیداكاری و ماندوویی نه‌ناسی ئه‌وانه. ئێمه بۆ درێژه‌دانی ڕێگای پڕ له شانازی ئازیزانی گیان به‌خت كردوو پشت ئه‌ستوور به وره‌ی به‌رزی ئێوه‌ین و له داهاتووش دا هه‌ر ئه‌وه مایه‌ی دڵگه‌رمیمان ده‌بێ. پشتیوانیی تا ئێستای ئێوه له هه‌ڵسووڕانی كۆمه‌ڵه ئه‌و راستییه‌ی بۆ سه‌لماندووین كه ئه‌م هیواداریه‌مان له داهاتووش دا دڵگه‌رمییه‌كی به‌جێ و ره‌وا ده‌بێ.

كۆنفرانسی هه‌شته‌می كۆمه‌ڵه جاریكی دیكه سلاو ده‌نێرێ بۆ وره و خۆڕاگری شۆڕشگێڕانه‌تان، ڕێز له هاوپشتی و هاوخه‌باتیتان له كۆمه‌ڵه ده‌گرێ و خۆڕاگریتان له به‌رانبه‌ر دژواریه‌كان دا و هه‌ست و وره‌ی سه‌ربه‌رزانه‌تان له حاست دوژمن به سه‌رچاوه‌ی هێز و وزه‌ی خۆی ده‌زانێ.

به‌رز و به‌ڕێز بێت یادی هه‌موو گیان به‌خت كردووانی كۆمه‌ڵه

كۆنفرانسی هه‌شته‌م كۆمه‌ڵه‌ی شۆڕشگێڕی زه‌حمه‌تكێشانی كوردستانی ئێران

پووشپه‌ڕی ١٣٨٢ ، ژوئیه‌ی ٢٠٠٣

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Komala Office in Sulaimania:
Tel: **(0044704)3124711**
Mobile: **00447077537465**